# گۆران ئەدهەم پەیامی بۆ هەڵەبجە، ئاوەدانی و قەرەبوکردنەوەی زیانلێکەوتوانە

پاش بەجینۆساید ناساندنی دۆستیەی هەلەبجە و بەسزا گەشتنی تاوانباری هەلەبجە لە گرفتی بێ قائمقامی نەجاتی دەبێت، لەمانگی ۹ ساڵی ۲۰۰۹ دوایی ئەوەی فواد ساڵح قائمقامی هەڵهاتوی شاری هەڵەبجەبەتۆمەتی ئیختلاسکردنی برێکی زۆر لەپارەی وشکەساڵی شاری هەلەبجە و هەورامان هەڵهات و بریاری دەستگیرکردنی دەرچوو هەلەبجە بێ قائیمقام ماوەیە. هەرچەندە شاهۆ عوسمان بەریوەبەری ناحیەی سیروان بەوەکالەت بۆماوەی ۸ مانگ وەک قائمقامی هەلەبجە شاری بەریوەبرد لەکۆتایدا لەمانگی شبات بەنوسراوێکی فەرمی گۆران ئەدهەم کرایە قائمقامی شاری هەلەبجەو گەرچی سەرەتا لەلایەن چەند وتارخوێنیکی شارەکەوە بەدانانی کەسایەتیەکی کاکەیی بەقائمقامی هەلەبجە نەخوازربوو بەلام ویسی هەلەبجەیەکان و ویستی یاسا و لەسەرو ویستی تاکەکەسەکان بوو بریار وایە رۆژی ۱۵ - ۳ - ۲۰۱۰ گۆران ئەدهەم کە پێشتر سەرۆکی دەستەی پاریزەرانی کەیسی کیمیابارانکردنی هەلەبجە بوو لە دادگایی باڵای تاوانەکانی عێراق وەک قائمقامی شاری هەلەبجەی شەهید دەست بەکاربێت

# لەشانزەی سێ هەڵەبجە بەرگی ژیانی بەبەردا دەکرێت




سەرلەبەیانی ئەمرۆ پێنج شەمە ریکەوتی 2010 - 3 - 11لەبەریوەبەرایەتی یادگاری هەڵەبجەی شەهید لیژنەی باڵای فیستڤاڵی هەڵەبجە کۆبونەوەیەکی سازدا تایبەت بە چۆنیەتی سازدانی فیستیڤاڵ و 22هەمین سالیادی هەڵەبجە ئەمەو کە هەریەکە لە نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و قائمقامی هەڵەبجەی شەهید و سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە و سەرپەرشتیارانی سەرجەم لیژنەکان کۆبونەوەکە دەستی پیکرد و پاش ئەوەی لەلان شاهۆ عوسمان چۆنیەتی یادکردنەوەی ئەمسال بەراود لەچاو سالانی تر باس کرد تیدا سوپاسی سەرجەم ئەو لیژنانەی پێشوی کرد کە توانیویانە سالانی پیشتر یادی هەڵەبجە بەشێوەیەکی جوان بەرێوە بەرن ئومیدی کرد لەگەورەیی دەستکەوتی داگا و گەورەیی ناوی هەڵەبجە یادی ئەمساڵ جیاوازتر بیت و گۆرانکاریەکی بەرچاوی تێدا بکرێت .
خدر کەریم سەرۆکی لیژنەی 22هەمین سالیادی جینۆسایدگردنی هەڵەبجە تایبەت بەچۆنیەتی یادکردنەوەو بەرنامەکانی ئەمساڵ بەهەڵەبجە ئین فۆیرگوت :جیاواز لەسالانی پێشوو ئەمسال دەڵێن هەلەبجە شەهید نیە هەلەبجە هەمیشە زیندوە و هەمیشە لەسایەی خوێنی شەهیدەکانی ئاوەدانە پێوستە بەرگێکی نوێ بە بەر ئەم یادە

بکەی ئیمە ئیش بۆ ئاشتی ئەکەین بەرویەکی گشەوە بەهۆی ئەو روداوانەی کە سالەدا بەدەست هاتوە لەوانە بەجینۆسایدکردنی دۆستیەی هەلەبجە و بەسز گەشتنی تاوانبارانی وە بەجیهانییش بسەلمێنین کە ئیمە ژیانمان ووبارە بەردەوامە ئیمە بەجلی ئاڵ و واڵاوە بەسایەی خوینی شەهیدانەوە ئاوەدانی بۆ شار گەراوەتەوە . تایبەت بەوەی ئایا کەسانی دیکە لەدەرەوەی کوردستان سەردانی هەلەبجە یان بەشداری ئەم سالیادە دەکەن ناوبراو گوتی کۆمەڵێک کەسانی بیانی لە وینەگران و شاهید حاڵانی دۆستیەی هەلەبجە لەدادگای بەجینۆسایکردنی هەلەبجە رۆلیان بوە بەشدار دەبن ئیمە ئەوەی کە ئاگادربن 25کەس بەشداری دەکەن .لەپرسیاریکی دیکەی هەلەبجە ئین فۆ تایبەت بەوەی ئایا شارەوانیەکانی جیهان بۆ ئاشتی بەشداری ئەکەن .ناوبراو گوتی نوینەریان بەشداری ئەکەن و وە نامەی زۆریانمان بەدە ست گەشتوە و ئەمسال شتێکی زۆر خۆشبەختی تیدایە ئەمسال لەو یادەدا دۆستیەی بەجینۆسایدکردنی هەلەبجە دەدریتە دادگای جنیف وە لەدووشاری ئیتالیادا لەساتەوەختی کارەسات 11- 35دەقیقە بۆ چەند ساتیک وەستان روودەدات ئاماژە بەکارەساتی هەلەبجە دەکەن بۆ ئەوەی خەلکی شەقامی ئیتالیا لەکارەساتی هەلەبجە زیاتر تێبگەن.

## یادی هەڵەبجە لە شاری سنەی کوردستانی رۆژهەڵات بەرز رادەگیرێت

بریار وایە لەچەند رۆژی داهاتودا وەفدێکی حکومی و حیزبی سەردانی شاری سنە بکەن. بەمەستی بەرزراگرتنی ٢٢ هەمین یادی کیمیارانکردنی شاری هەڵەبجە ئەمەو لە لیدوانێکیدا شاهۆ عوسمان وەقائمقامی قەزای هەڵەبجە بەوەکالەت تایبەت بە هەڵەبجە ئین فۆ دواو گوتی مەبەستی سەرەکی بەشداریکردنمانە لە بەرزراگرتنی یادی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە کە لە ١٣ - ٣ - ٢٠١٠ ساز دەکرێت ناوبراو لە لیدوانەکەیدا تایبە بەوەی ئایا کێن ئەو وەفدەی کە بەرەو سنە بەریدەکەون گوتی هەریەک لە بەریوەبەری دەزگای کاروباری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان ونوینەری مۆنمینی هەڵەبجەی شەهید و بەرپرسی مەلبەندی ٢٨ (ی. ن.ک ) بانگهێشت کراون بەشیوەیەکی رەسمی . لەکۆتایدا ناوبراو پاش سوپاسیکردنی دەسەلاتدارانی شاری سنە گوتی ئەو شارە سالآنە یادی هەڵەبجە بەرز رادەگرن و کاری بۆ دەکەن ئیمە سوپاسیان دەکەین بەمە بەوەفایەک بۆ خوینی شەهیدانی هەڵەبجە دادەنرێت و بریاریش وایە وەفدی ناوبراو لەشاری سنەی رۆژهەلاتی کوردستانی وتاری تایبەتیان هەبیت.